# هەڵمەتەكانی راگەیاندن و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ ... چیمەن ساڵح



هەڵمەتی راگەیاندن كە بۆپرۆسەی هەڵبژاردنەكان جا هەرجۆرە هەڵبژاردنێك و یان پەسەند كردنی یاساو دو ەستوورەكان ئەنجام دەدرێ، پرۆسەیەكی گەورەب یەو هونەرو بنەمای خۆی هەیە و كەسانی شارەزاو تایبەتمەندی هەیە. و كەسانی شارەزا بەرێوەی دەبەن و ئاراستەی دەكەن، كە مامەڵە لە گەڵ هەمو لایەنێكی دەروونی وكۆمەلایەتی و خواست و ویستی هاولاتیدا دەكات لەرێگای پسپۆری تایبەتمەندەوە.

لە ولاتە دیموكراتییەكاندا كورس و ناوەندی تایبەت بەو بابەتە هەیە، ئەوەی من مەبە ستمە بیلێم ئەوەیە كە شتێكی هەروا هەرەمەكی نییە، وەك ئەوەیلە كوردستاندا ئەوانەی سەت ئیشیان هەیە بەو ئەركەش رابن!

ئەوەی تێبینی هەڵمەتەكانی راگەیاندن هەڵبژاردن بكرێ لەكوردستان و بە تایبەتی ئەوەی دواییینیان كە هەڵمەتی راگەیاندن بوو بۆرەشنووسی دەستوری عێراق، ئەوپەڕی پێشێلكردنی مافی مرۆڤی تێدایە تا بە مافی هاوولاتیدا رادەگات. خۆی هەڵمەتی راگەیاندن بۆ خەڵكەو هەرلایەنە كە بە شدارە دەیەوێ لە وهەڵمەتەدا خەڵك لەسیاسەتەكانی خۆی ئاگادار بكاتەوە بەرنامەكانی خۆی رون بكاتەوە و وەلامی هەموو پرسیارەكانی هاوولاتی بداتەوە، چونكە دەنگی ئەو هاوولاتییەی پێویستەو هەر ئەو دەنگە زەمانەتی پرۆسەی دیموكراسی و پاراستنی مافەكانییەتی. كە پێویستی بە دەنگە دەبێئەوپەڕی نەرمونیانی نیشان بدات لە گەل َ، خەڵكداو وەلامی پرسیارەكانییان بداتەوەو خەڵی پە سەندی ناو كۆمەڵ و خۆشەویستانی خەڵك هەڵبژێری تا قسە لە گەڵ خەڵكدا بكەن. لە هەمان كاتدا چۆن رێز لەوە دەگرێ كە دەنگی پێ دەدات دەبێ واش رێز لەوانە بگیرێ كە دەنگ لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە نادەن. دەبی لە هۆ ی دەنگ نەدانییان بكۆڵێتەو ە و وەلامیان بداتەوە، نەك وەك ئەوەی لەكوردستاندا گوێبیستی دەبووین قسە گوتن بەوانەی بە " نەخێر " بۆ دەستوور دەنگ دەدەن. لە هەندێك لە تەلە فزیۆنەكانەوە تا رادەی جنێو دەچوو!!! جگە لەوەی رادەربرین تەنیا ئەوانەی دەگرتەوە كە بە" بەڵێ " دەنگ دەدەن، لە كاتێكدا لە كوردستاندا ئەوانەی بە " نەخێر " دەنگییان دەدا " خائین و خۆفرۆش تیرۆریست" نەبون و شایانی جنێو نەبوون، گەلێك لەوانە ئەوانەبوون كە داوای سەر بەخۆیی كوردستان دەكەن و ئەوەی لە ناو ئەو رەشنووسەیە بەكەمی دەزانن بۆكورد، خۆ كوردستان ناوەڕاستی عێراق نەبوو تا ئەوانە تیرۆریست بن، بۆ یە ئەگەر هەڵمەتی راگەیاندن ئامانجی هەڵمەتەكەی بپاراستایە كە كۆ كردنەوەی زۆرترین دەنگ بوو بۆ دەستور دەبووا زیاتر رێزی لەوانەبگرتایە و لە هەڵمەتەكاندا بەشداری پێبكردنایە، هەربەر لە چەند مانگێك بوو هەموو لایەك ستایشی، ریفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی كوردستانییان كرد كەزیاتر لە 98% دەنگەكانی بە دەست هێنا !!!!

هەر لە كەموكورتییەكانیهەڵمەتەكان، گەلێك لەو دەزگا حزبییانەی كە رادەسپێردرێن، بەشداری لە هەڵمەتەكەدا بكەن بە راستی شایانی لێپێچینەوەن چونكە هەرلەسەرەتاوە (هەندێكیان) دەڵێن، ئاكامەكان یەكلا كراوەتەوە، هەندێك ناوی تەزویر یشیان بردووە، كە

دەستکراوەن ئەنجامی بدەن، ئینجا دوو قسەی پرسە خەسووانە ئاسا بۆ خەڵکەکە دەکە نو دڵی چەندان کەس دەشکێنن.

دەنگدان و دەنگنەدان مافێکی تەواوی هاووڵاتییەو چۆنی بە کار دەهێنێو دەچێناچێو دەنگ بەچی دەدات تەواو ئازادە، دەمێنێتەوە ئەوەی هەر لایەنێکیش ئازادە لە ئەنجامدانی هەڵمەتی راگەیاندن بۆبەرژەوەندی خۆی بەڵام ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی راگەیاندن بەوشێوەی لە کوردستانداخەڵی ناشارەزا بەڕێوەی دەبن ئاکامەکەی لە مەیودواهەمیشە پێچەوانە دەشکێتەوە بە سەر ئەو لایەنانەدا کە پشتییان پێدەبەستێ.